

جەبار سابیر

ئایرۆنی

# ئێوە

ئێوە لە ڕۆژانێکدا پێشمەرگەبوون و دەچوون بەگژ قوللەی قافی عەرەبدا، ئێمە لەلۆکەی خەودا دەنووستین، ئێوە شەوانێک دەتاندا بەسەر ڕەبییەی جاش و خۆفرۆشەکانی دوێنێ و کورد پەروەرەکانی ئەمڕۆدا ئێمە پێک لەدوای پێک ویسکیمان هەڵدەدا، بۆیە ئێستا هەق بە ئێوەیە، هەرچیمان لێبکەن چونکە ئێمە بۆ ئاسایشی جەستەیی و مەعنەوی بەرپرسەکانی کورد مەترسیدارین و شایانی ئەوەنین کارەباو ئاوو سووتەمەنیمان هەبێت، کەلە دیکتاتۆرترین و دواکەوتوترین وڵاتی دنیادا ئەوشتانە هەن. ئێوە دەتوانن لەبری سەعات و بیست دەقەی کارەبای هەر شەوێک هەزار شەقمان تێهەڵدەن و خۆیشمان بیژمێرین. ئێوە دەتوانن لەبری ئەوەی هەفتەی دوو شەو تاسبیانێ کارەبامان ببڕن ئێوە دەتوانن بەرمیلێک نەوتمان بەپێجسەد دۆلار پێبفرۆشن، دەتوانن یەک لیتر بەنزینمان لێبکەنە ئاوی ئاڵتون و تەنیا سوڵتانە گەمژەکانی خەلافەتی عوسمانی بیکڕن. ئێوە دەتوانن هەرچی چراو فانۆس و لامپای وڵاتانی دەوروبەرەوە بەسەر ئێمەدا ساغی بکەنەوە. ئێوە دەتوانن هەرچی مۆلیدەی کۆریاو تایوان و مالیزیایە بەئێمەی بفرۆشنەوە. دەتوانن وەک (.........) بارە گوێزمان لێبنێن خڕڕەی نەیات. دەتوانن ساڵی چەند جارێک بمان کەنە سینەماو قەرەقۆزو لیبۆک و بمان بەنە بەردەم سندوقە نازدارەکانی دەنگدان و دەنگمان پێبدەن.

ئێوە دەتوانن تۆڵەی هەموو شەوانی تۆف و کرێوەو سەرماو سۆڵەی زستان و گەرماو گڕەی هاوینی شاخ و داخی سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتیمان لێبکەنەوە، چونکە ئێوە لەو ڕۆژانەدا بەگژ سەدامدا دەچون و ئێمەش لەم شارە چەپڵەمان بۆ لێدەداو دروشمان بە باڵایدا دەگوت. ئێوە هەقتانە چونکە تەمەنی گەنجی و جوانی خۆتان لەپێناوی ئێمەدا داناو، زۆربەتان بەعەشقی ناکامی کچێکەوە شارتان جێهشت و خەباتی شاختان هەڵبژارد، ئێستاش کوردایەتی گەنجی کردونەوەو دەتانەوەێ تۆڵەبکەنەوە، ئەوەش دەزانین تۆڵەی ئێوە بەسەبرەو گەلێ بەزەبرە. ئێمە کارەبامان لۆ چییە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆمان لۆ چییە؟ دەبێت هەر گوێ لە هەواڵەکانی ئێوە بگرین و وێنەکانی ئێوە ببینین. هەر بۆوەی باشین گەڕو گولبین لەبۆگەنی خۆمان هەراساب بین. ئێمە ئاومان بۆ چییە، سووتەمەنی و بانزین و گازمان لۆ چییە، هەر بۆوەی باشین لەبەر (دووکەر)ی چراو لامپای تاقوڕ قورەگەمان ڕەش هەڵگەڕێ. خودا ئێمەی بۆ نۆکەری ئێوە دروستکردووە، بۆ ئەوە باشین چاوڕێی کەرەم و ڕەحمەتی ئێوە بکەین و توانسی ئەوەمان هەبێت یەک هەفتە بەبێ کارەبا دانیشین و قسەنەکەین. دەتوانین یەک مانگ بەبێ ئاو بگوزەرێنین، چەندین زستان بەبێ نەوت و بەنزین بەسەربەرین و ڕەقیش نەبینەوە، دەتوانین یەک هەفتە لەسەرەی بانزیندا بوەستین و دواتر وەریشی نەگرین و کە هەڵبژاردنیشکرا دەنگتان بدەینێ و لەلای برا عەرەبە چاو ڕەشەکانمان ڕووتان سپی نەکەینەوە.

jabardllopa@yahoo.com

سەرکەوت حەمە خورشید

# ئەگەر دەرفەتم بۆ ڕەخسا گۆرانیش دەچڕم



**سەرکەوت حەمە خورشید ساڵی 1979 لە شاری سلێمانی لەدایک بووەو گەنجێکی بەهرەمەندە دەتوانین لەدوو ڕوانگەوە هەڵی سەنگێنین، چ وەک شاعیرێک چ وەک کەسێکی مۆزیکی بۆیە بەخۆشحاڵی یەوە ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازکردوو چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو بەڕێزیشی بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.**

**پ/لەنێو دنیای شیعردا هەستت بەئارامی کردووە؟**

و/ بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەست بەئارامیەکی زۆر ئەکەم لەنێو دنیای شیعردا. چونکە دنیایەکی زۆر فراوانە، واهەست ئەکەم خۆم ونکردوە لەنێو دنیای شیعردا بۆیە لەناو شیعرەکانمدا بەدوای دۆزینەوەی خودی خۆمدا ئەگەڕێم و بۆ ئەوکەسەی بۆتە هەوێنی شیعرەکانم.

**پ/جگە لەنوسینی شیعر کەسێکی موزکیت هەوڵت نەداوە گۆرابیش بچڕیت تا لەهەر سێ بوارەکەدا خۆت ببینیتەوە؟**

و/ وەکو هەوڵدان هەوڵم نەداوە بەڵام ئەگەر لەداهاتوودا دەرفەتم بۆ بڕەخسێت بەخۆشحاڵییەوە خۆم لەو بوارەش تاقی ئەکەمەوە ئەگەر زانیم سەرکەوتن بەدەست دێنم ئەوا لەمەشیانە بەردەوام ئەبم،چونکە هەرسێ بوارەکە تەواوکەری یەکترن،

**پ/ شیعرەکانی خۆت لەچ ئاستێکدا دەبینیت؟**

و/شیعرەکانی خۆم ناتوانم بڵێم لەچ ئاستێکدایە. بەڵام خۆم بەش بەحاڵی خۆم حەقی تەواوم بەناوەرۆکی شیعرەکانم داوە هەموو شیعرەکانم لای خۆم ناسک و جوانن بەڵام سەرەڕای ئەمەش خوێنەر ئەتوانێ شیعرەکانی من هەڵسەنگێنێ و بزانێ لەچ ئاستێکدایە بۆیە من ناتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە شیعرەکانی خۆم لەچ ئاستێکدایە، هەڵبەتە شیعر نووسین بەهرەیە هەموو کەس ناتوانێ بەخۆی بڵێ شاعیر چونکە لەنێوان شیعرو شاعیریەتدا فەزایەکی نادیار هەیە بۆیە من ناتوانم شیعرەکانی خۆم نە بەخراپە هەڵسەنگێنم نە بەباشە.

**پ/ کەسێکی دیاریکراو هەیە سەرکەوت شیعری بۆ بنووسێ؟**

و/ بێگومان نووسینی هەر شیعرێک روداوێکی سەرنج ڕاکێشی لەپشتەوەیە و هەموو شیعرێکیش پێویستی بەهەوێنێکە. بەڵام ئەوەی کەمن شیعری بۆ ئەنووسم تەنیا خۆشەویستی کچێک نیە، لەسەرووی هەموو شتێکەوە عەشقێکی گەورەم بۆ نیشتیمانەکەم هەیەو دایکیش پیرۆزترین عەشقە کە شیعری بۆ بنووسم، بۆیە من ناتوانم تەنیا کەسێک دیاری بکەم کە شیعری بۆ بنووسم.

**پ/ دواوتەت؟**

و/ لەکۆتایدا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە خوازیارم ڕۆژی گەل هەردەم سەرکەوتوو بێت.

**ئا: ڕۆژ**

## لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی رادەست ناکات، گوێچکە و لووتی دەبڕن



پیاوێکی پاکستانی لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو هاوسەرەکەی خۆی رادەستی کەسوکارەکەی بکاتەوە کە بەدوای داهاتبوون، هەردوو گوێچکە و لووتی بڕدرا.

سێ شەممەی رابردوو لە کۆتایی ڕۆژەکانی چەژنی قوربان دەستەیەک چەکداری هۆزێکی پاکستان بۆ هێنانەوەی کچەکەیان کە ساڵی رابردوو شووی کردبوو، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی زاواکەیان بەناوی( محەمەد ئیقبال) دانیشتووی شاری ملتانی هەڵکەوتوو لە نێوەڕاستی پاکستان، داوای لێدەکەن بەهۆی ئەوەی بەر لەشووکردن پێوەندی خۆشەویستی هەبووە، دەبێ کچەکەیان کە ناوی شاهنازە رادەست بکاتەوە، بەڵام لەوکاتەدا شاهناز لەماڵ نابێ، هاوسەرەکەشی ئامادە نابێ رادەستیان بکاتەوە، دەزانێ ئەگەر رادەستیان بکاتەوە دەکوژرێ، چونکە هاوسەرەکەی رادەست ناکاتەوە هێرشی دەکەنە سەر، گوێچکەو لووتی دەبڕن، دواتر پەلاماری شووبرا و خەسووی شاهناز دەدەن و لووتی شووبراکەی و دەستی خەسووەکەشی دەبڕن.

## 2007 ساڵێکی گەرم دەبێ




بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسی کەشناسی بەریتانیا ساڵی 2007، بەتایبەتی لەهاویندا پلەی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە،لەوانەیە لەهەندێ وڵاتدا بگاتە 60 پلەی گەرما، ئەمەش لە 200 ساڵی رابردوودا وێنەی نەبووە.

زانایان دوو هۆکار بۆبەرزبوونەوەی پلەی گەرما دەبینن، یەکەمیان درێژبوونەوەی دیاردەی ئێل نینۆ، دوەمیشیان بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی گازە جۆراوجۆرەکان. کە یەکەمیان دەستەڵاتی مرۆڤی تێدانیەوە و دیاردەیەکی سروشتیە، بەڵام هۆکاری دووەم لەلایەن خودی مرۆڤەوە دروست دەبێ و زیان بەخۆی و بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێ.

## یاری لەگەڵ تیمساح





خاڵ ئەواکس دەڵێ

**بەرپرسێک** گلەیی ئەوەی لە هێزەکانی ئاسایش کردووە کە بۆچی هێندە بە دوای تۆڕەکانی لەشفرۆشیدا دەگەڕێن. بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەو بەرپرسە، ئەو تۆڕانە ئارامی دەروونی بە گەنجان دەبەخشن، باشتروایە ڕێگەیان بۆ ئاوەڵاتر بکرێ!!

**هەندێ لایەن** کە هەم گۆشت دەخۆن و هەمیش شین دەگێڕن لەبنی زمانیانەوە لەسێدارەدانی سەدام وەک زەنگێک بەبیر دەستەڵاتداران دەهێننەوە، بەڵام ئەگەر داوای ڕوونکردنەوەیان لێبکەن، دەستبەجێ بادەنەوەو نیشانەی خۆیان بەرەو بیابان دەنێرن!!

**سەیرم لێ دێ** چۆن حکومەت لەبەر ڕازیکردنی دڵی تەنیا کەسێک هەوڵ دەدات کۆمەڵێک خەڵکی کاسب بێکار بکات!! هەروەها سەیرتر ئەوەیە کە تێکۆشەرێکی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی هەڕەشە لە خەڵک بکات و سوێند بخوات کە دوکانەکانیان بەسەردا دەڕوخێنێ!!

**زستانی ئەمساڵ** زۆر ساردە، حکومەت بڕیاری داوە هاوکاری خەڵک بکات، بەوبۆنەیەوە، لەسەروبەندی جەژنی قوربان و ساڵی نوێدا بەرمیلی نەوت لە هەولێر گەیشتە 320 هەزار دینار!!

**مەشعان** جبوری لە هەولێرەوە پەنادراوە، سەدام بە تێکۆشەرو باوکی موجاهیدەکان ناو دەبات!! ئەو عەرەبەی کە بڕیاری دەرکردنی کوردی لە شاری دیالە داوە لە سلێمانی پێشوازی لێدەکرێ!!

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. 07301113061

ثيَطةى ئينتةرنيَتى
www.rpk93.org

ثؤستى ئةليكترؤنى
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com